# کورد و غەمی جەنگ

عومەر جەلال
Omerjelal@yahoo.com



کاتێك کە جەنگ دەبێت
پیرەکان لاوەکان دەنێژن...
کاتێکیش ئاشتی دەبێت
لاوەکان پیرەکان دەنێژن...

-لۆرکا-ی گەورە شاعیری ئیسپانیا لە هۆنراوەیەکیدا وا دەنووسێت...

لەیەکەم ساتی پەیدابوون و چاوکردنەوەی نەتەوەی کوردەوە لەغەمێکی گەورەی جەنگدا بووە ,هەمیشە لەلایەن رژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتاریەکانەوە کورد چەوسێنراوەتەوە و هەوڵی لەناوبردن و بەعەرەب کردن و تورك کردن و فارس کردنی دراوە و پرۆتیستۆی بیر و ڕا و زمانی دایکی لیٚ قەدەغەکراوە , ئیش لەسەر سڕینەوەی شوناس و ئەنفال و زیندە بەچاڵ و شکستی شۆرش و توانەوەی بەفری خەبات و بەرخۆدان و دابەشکردنی بەسەر چەند وولاتێدا لیٚ کراوە کە بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی جەستەی نەتەوەی کورد وەك مرۆڤێك چۆن پارچە پارچەی بکەی ئاوەها کوردستان بەهۆی دابەش بوونەوە نالاٚندوویەتی و رێگربووە لەوەی بتوانێت لەسەر پیٚ ی خۆی بووەستێت و ئایندەیەکی جوان بۆ خۆی فەراهەم بکات ,ئەفسوس پاش چەندین ساڵ بەرخۆدان توانرا بەشێك لەو خاکە داگیرکراوە رزگار بکات کەئەویش کوردستانی باشوورە و بەچەند قۆناغێکی ناسکدا راگوزەر بووە و چ شەڕی ناوخۆ تا دەگاتە دابەشبوونی بەسەر دوو هەرێمۆکەی چکۆلەدا کە لەم چەند ساڵانەی داهاتوودا گەندەڵی و پاوەن کردنی داهات و کوشتنی دەنگی ئازاد فاکتەرگەلێك بوون بۆ شکستی سیستمی دەسەلاٚتی کوردی ئەمە لە لایەك و هەرەشەی تورکیا و ئێران و تۆپباران کردن و سوتانی گوندە سنووریەکانی لە لایەکی دی تەواو بە سیمای کوردستانەوە دیار بووە ,لە رۆژهەلاٚتی ناوین و بگرە لە ئەورپا و ئەمریکا کورد تاکە نەتەوە بووە ترسێکی گەورەی لەجەنگ هەبووە ,جەنگ بووەتە بەشێك لەژیانی کوردستان ,جەنگ بە شێوازگەلێك رێگربووە لە گەشەسەندن و بەدەوڵەتبوونی کوردستان,ئەوەی لەجەنگدا کوردستان بەدەستی دەهێنا تەنیا جگە لە وێران بوون و رووخانی هەستی نەتەوەی چی دی نەبووە ,

ناکرێت ئەو هەموو شۆڕشە گەورانە لە یادبکەین کەبەخوێنی سەدان خەباتگێر و مرۆڤدۆست پەیدابووە ,کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دی ئەوەی لەتوانایدابووە کردوویەتی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی پتەو کەچی لە لایەن ئەو رژێمە سەرکوتکارانەوە هەوڵی لەناوبردنی دراوە و لەسێدارەدان بووەتە پاداشتی سەرکردە و کەسانی دروستکەری ئەو حیزب و شۆڕشە ,ئەمە لە کاتێکدایە کە کورد زۆر سات خۆی لە نێو شەڕی کورد-کورد دا بووە و کاریگەری نێگەتیڤی کردووەتە سەر هەوڵ و خەبات و سیاسەتی ئەو حیزبانە,چ جای ئەوەی تاکی کوردی یەکێك بووە لەو قوربانییانەی کەهـ میشە لەبەردەم هەڕەشەی ئەو جەنگانەدا بووە و پشکی شێری بەر کەوتووە و بووەتە هۆی لاوازکردنی کۆمەگە و دابەشبوونی هەستی نەتەوەی بەسەر چەند حیزبێکدا ,ئەگەر حیزبی کوردی ئیشی لەناوبردن و تڕۆکردنی رژێمە دیکتاتۆرەکان بووبێت ئەوا بەو ئەندازەیەش زیانی بۆ تاکی کوردی هەبووە ,پاش ئەوەی شاخ چۆڵ دەبێت و نەوەی شاخ شار رزگار دەکات ,ئیدی جۆرێك لە ناهاوسەنگی ئاوێتە دەبێت و عەقڵیەتی شاخ و شار کارلێك دەکەن لەتەك یەکدا و سەرەنجام عەقڵیەتێك دروست دەبێت شەڕی ناوخۆ دروووست دەکات و هەمان عەقڵیەت هەریەکە وبە جیاوازی ئایدیاوە دەست درێژ دەکەن و بۆ رژێمی جودا بۆ دژی یەکتر کە ئەووەندەی دی باشووری کوردستان بەرەو شکست و دواکەوتن برد.

ئیدی لێرەوە دابەش بوونی دەسەلاٚت و قۆرخ کردنی سامانی تاکی کوردی لە لایەن چەندین بەرپرسی حیزبی و حکومییەوە بەرهایی و ئاشکرا

دەبينين و دەبيستين كە كاردانەوەی لاوازی دەبێت بۆ بوونی هەستی نەتەوەی لە ساتێكدا كورد ئەو تاكە نەتەوە بووە كە لە لايەن دەوڵەتە دراوسێكانەوە هەوڵی داگيركردنی دراوە و دڵگران بوونە بەم بەشە ئازادييەی كە لە كوردستانی باشوور دەبينرێت ,ئەم شێوازی سيستمی دەسەلاَتەی كوردیە ئەوەندەی ئيشی لەسەر سڕينەوی هەستی نيشتمانی كردووە نيو هێندە ئيشی لەسەر ئەوە نەكردووە نيشتما نمان خۆش بوێت و دژی داگيركەران بجەنگين ,هاوكێشەی هەستی نيشتمانی گۆڕدراوە بۆ هەستی حيزبايەتی, زيندوو ترين نموونە ئەو هەموو خەونە بوو بۆ رزگاركردنی كەركوك و لە كاتێكدا پاش پرۆسەی عێراق هێزە كورديەكان ئەوەندەی ئيشيان لەسەر بارگاوی بوونی حيزبەكان كردووەو ئەوەندە ئيشيان بۆ گەڕاندنەوەی كەركوك بۆ كوردستان بكردايە رەنگ هەنووكە دۆخی كەركوك بەم شێوازە ترسناكە نەدەبوو .باری نائاسايی كەركوك و دۆخی ئاسايشی كەركوك و بەهێزبوونی لايەنە توركمانييەكان و نەگەڕانەوەی عەرەبە هاوردەكان يەكێكی دی بووە لەو فاكتەرانەی كە گەواهيدەری ئەوەن كە حيزبی كوردی نەيتوانيووە وەك پێويست لەهەوڵی پاراستنی ئەو قودس و دڵەی كوردستان بووبێت .كە هەميشە لە دوورەوە بووەتە خەمێكی گەورە و لە نزيكەوەش حيزبەكان چەند كۆميتە و لقێكيان لە خۆيان كۆكردووەتەوە و چەندين ئەندامیان بۆخۆيان پەيداكردووە و رێژەيەكی زۆر لە ئەندامی حيزبەكان لە دژی يەكديدابوونە .

لە كولتووری كورديدا بتەوێت قسە لە سەر هەستی نيشتمانی و ناسيۆناليزم بكەيت دەبێت بەر لەهەموو شتێك دەرنەچيت لە چوغزی حيزب و سەنتەری حيزب كە لە پێش هەموو بەرژەوەنديەكانەوە بێت ,هەر ئەمەش وای كردووە كە هەنووكە دۆخی كوردی لە ساتێكی زۆر هەستيار و شلۆقدايە, بۆ وێنە توركيا وای لەدەسەلاَتی باشوور كرد بەچەند هەڕەشەيەك چەندين بارەگای حيزبە هاوسۆزەكانی ( پ.ك.ك ) دا بخرێت كە رۆژانێك بووە هەر خۆيان مۆڵەتيان داونێتیّ و بواری ئيش كردنيان داون ,كەچی دەبينين لەبەر چەند هۆكارێكی بەرژەوەندی لە سلێمانی و هەولێر بارەگاكانيان دادەخرێت ,من لەتەك ئەوەدام ئەگەر زيانی بۆ دۆزی كورد هەيە ئاساييە بەلاَم پیّ دەچێت دۆخەكە وێران تر بكات و گواستنەوەی جەنگی كورد بە كوردبێت.

دەبێت دەسەلاَتی كوردی ئەوە لە ياد نەكات كە ئەمرۆ بە نيازی ئەوە نەبێت گە نجی شكست خواردووی كورد جەنگی بۆ بكات و پارێزگاری لە نيشتمان بكات ,گەنج لە دۆخێكدا دەژێت ئەوەندەی مەبەستێتی نيشتمان بە جیّ بهێڵێت ئەوەندە مەبەستی نييە پارێزگاری لەم خاكە بكات كە داهات و زەويەكانی بۆ چەند كەسێك پاوەن كراوە.ئەوەی گەنج لە شەڕی ناوخۆ و شەڕەكانی دی كردی بۆ حيزبەكان جارێكی دی گەنج بڕوای بەو عەقڵيەتە نەماوە ,ئەوەی ئەمڕۆ دەبينرێت لە لايەن چەندين رێكخراوی حيزبيەوە گە نجەكان دنە دەدرێت دژی سوپای ئێران وتوركيا بجەنگن لەئەگەری هێرشی چاوەڕوان نەكراودا هەرگيز هێمايەك نييە بۆ ئەو گە نجە بێبەشانە لەم داهاتەی چەندين ساڵە بەدەستی حيزبەكانەوەيە , كورد هەميشە لەجەنگدابووە ,وەلیّ جەنگی ئە مجارە ئەگەر رووبدات رەنگە جودابێت لەو جەنگانەی رووی لەكوردستان كردووە چونكە تاكی كوردی لەوە گەيشتووە رۆژی جەنگ گوزەشت .